# ئەفسانەی سیزیف(١)

دەیڤید ئیگێن

لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



کامۆ

**بەرایی**

ئالبێر (١٩١٣-١٩٦٠) ڕۆماننوسێکە بە مەیلی زۆری فەلسەفییەوە، بەڵام فەیلەسوف نییە. ناوبانگی ئەو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆمانانەی کە پشت بە بیرکردنەوەکانی دەبەستن، لەوانە "نامۆ" و "تاعون" کە شوێنی ڕوودانی هەردووکیان ئەلجەزاییر، نیشتمانی ویشک و برینگی نووسەرە.

کامۆ لە زانینگەی ئەلجەزیرەدا فەلسەفەی خوێند، خوێندنەوەکانی ئەوی بە دوو لقی گرینگی فەلسەفەی سەدەی بیستەم، واتە ئیگزیستەنسیالیزم و دیاردەناسیی نزیککردەوە. ئیگزیستەنسیالیست لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە واتاکان یان نەزمی لەپێشدا دارێژراو لە دنیادا بوونی نییە و ئێمە بۆ دۆزینەوەی واتا و ئەو نەزمەی کە بڕیارە بە ژیانی خۆمانی بدەین، دەبێ ئەرک وەخۆ بگرین. کامۆ بەتایبەتی هۆگری ئیگزیستەنسیالیستە ئایینییەکانی وەکو کییەر کێگارد بوو (ئەگەرچی ناودێرکردنێکی ئەوتۆ بۆ کییەرکێگارد تەواو نییە)، فەیلەسوفانێکی کە بەم دەرەنجامە دەگەیشتن کە لە ئەزموونی مرۆڤیدا هیچ واتایەک بەدی ناکرێ و هەر ئەم بابەتە، بازدان بەرەو ئیمان پێویست دەکا کە ئیمانێکە کوێر (بە بێ بیر لێکردنەوە "و. کوردی") و پشت بە هیچ بینینێکی ئەزموونیی نابەستێ.

ئێدمۆند هۆسرێل بە بەرگریکردن لە دیاردەناسیی خود، تایبەتی دەکات بە بینین و شرۆڤەی ئەقڵی خۆمان، بە بێ ئەوەی لە پەیوەندی و نیشانەکان دەرەنجامێک وەربگرێت. دیاردەناسییش وەکو ئیگزیستەنسیالیزم لەو سەرەوە کامۆی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە کە هەوڵی دەدا لە جیهانبینیی خۆیدا چەشنێک پێکهاتەی لۆژیکیی خوڵقاوەکان کە زەینی مرۆڤ دەتوانێ دەرکیان بکات، بە حەتمی دانەنێ.

ئەم باوەڕە – کە خوڵقێندراوەکان پێکهاتەیەکی لۆژیکییان هەیە بە چەشنێ کە زەینی مرۆڤ دەتوانێ درکیان بکات – تایبەتمەندیی مەیلی کۆنتری فەلسەفەی ئەوروپایی واتە ئەقڵخوازییە. سەرچاوەی ئەقڵخوازیی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێنێ دیکارت و لەدایکبوونی فەلسەفەی مۆدێرن. زیاتری فەلسەفەی سەدەی بیستەم دژکردەوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە لە هەمبەر ئەم سوننەتە دێرینترە. هەوڵێکی بەرەوپاش بۆ دۆزینەوەی ئەگەری ئەم دەرفەتە کە خوڵقێندراوەکان پێکهاتەیەکی لۆژیکییان نییە کە زەین دەرکی بکات.

کامۆ "ئەفسانەی سیزیف"ی هاوکات لەگەڵ یەکەم ڕۆمانەکەی "نامۆ" لە سەرەتاکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا نووسی.

لەو سەردەمەدا کامۆ لە نیشتمانەکەی واتە ئەلجەزاییر دوور بوو و لە تەڤگەڕی خۆڕاگریی فەڕەنسەدا چالاکی دەکرد. ئەگەرچی بەستنەوەی ڕاوبۆچوونەکانی بە ژیاننامەکەی بە هیچ چەشنێ ژیرانە نییە، بەڵام ناسینی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی سەردەمی نووسینی "ئەفسانەی سیزیف" یارمەتیی ئەوە دەکا کە باشتر لە سەر کەشوهەوای بابەتەکە تێگەیشتن هەبێ. خوازەی هەڵبژاردنی نامۆیی یان شاربەدەریی کە کامۆ بۆ شرۆڤەی گێرەوکێشەی مرۆڤیی بەکاری دەهێنێ و ئەم هەستە کە ژیان بێناوەڕۆک و ململانێیەکی بێ ئەنجامە، هەستی پیاوێکە کە لە نیشتمانەکەی دوورە و دژ بە حکومەتێکی بە ڕواڵەت بەهێز و بە شێوەیەکی گەمژانە درندە، خەبات دەکا.

**کورتە**

سەرقاڵیی سەرەکیی ئەفسانەی سیزیف شتێکە کە کامۆ پێی دەڵێ "بێناوەڕۆکی". کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە نێوان ئەو شتەی کە لە خوڵقێندراوەکانمان دەوێ (چ واتا بێت، چ نەزم یان هۆ) و ئەو شتەی لە خوڵقێندراوەکاندا دەیدۆزینەوە (قەیرانێکی بێنەزم)، دژایەتییەکی بنەڕەتیی هەیە. ئێمە ئەو مانایە لە ناو ژیاندا نادۆزینەوە کە بەدوایدا دەگەڕێین. چ لە ڕێگەی ئیمانێکی لە ناکاو و بە پشت بەستن بە خێوێکی کە لەوپەڕی ئەم جیهانەوەیە واتای جیهان بدۆزینەوە، چ ئەوەی بەم دەرەنجامە بگەین کە ژیان بێناوەڕۆکە، کامۆ نامیلکەکەی خۆی بە پرسیارێک سەبارەت بە دەرەنجامی دووەمەوە دەستپێدەکات، ئایا لە ڕووی ناچارییەوە تاک بەرەو خۆکوژیی دەچێ؟ ئەگەر ژیان بێناوەڕۆک بێت ئایا بەم واتایە کە ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە؟ کامۆ دەڵێ ئەگەر وا بێت ئێمە یان دەبێ ئیمانێکی لەناکاو بدۆزینەوە یان خۆمان بکوژین. کامۆ بەدوای دەرفەتێکی سێیەمەوەیە: دەتوانین دنیایەکی داماڵدراو لە واتا و یان مەبەست قبوڵ بکەین و تێیدا بژین.

بێناوەڕۆکیی دژوازییەکە کە ناتوانرێ بیسازێنین، هەموو هەوڵەکان بۆ سازاندنی ئەم دژوازییە تەنیا هەوڵێکە بۆ ڕاکردن لێی: ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێناوەڕۆکیی بەربەرەکانێکردنە لەگەڵ بێناوەڕۆکیی. کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکا کە فەیلەسووفە ئێگزیستەنسیالیزمیەکان وەکو کییەرکێگارد، چێستۆف و گاسپەر و دیاردەناسێکی وەکو "هۆسرێل"یش لەگەڵ دژوازیی بێناوەڕۆکیی ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام دواتر هەوڵیاندا لێی ڕابکەن. ئێگزیستەنسیالیستەکان لە بووندا هیچ واتا و نەزمێکیان نەدۆزییەوە و هەوڵیاندا ڕاست لەم بێواتاییەدا چەشنێک زاڵبوون یان واتا بدۆزنەوە.

کامۆ دەڵێ ژیانکردن لەگەڵ بێناوەڕۆکیی، ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەم دژوازییە سەرەکییە و پاراستنی وشیاریی هەمیشەییە لە بەرامبەریدا. دەرەنجامی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێناوەڕۆکیی بە خۆکوژیی ناگات، بەڵکو

بەپێچەوانەوە ئەو بوارە بە ئێمە دەدات کە بە تەواوترین شێوە بژین. کامۆ سێ تایبەتمەندیی بۆ ژیانی بێناوەرۆک دەستنیشان دەکات: سەربزێوی (لە بەربەرەکانیکردندا نابێ هیچ وەڵام یان سازانێک قبووڵ بکەین)، ئازادیی (ئێمە بە هەموو شێوەیەک ئازادین هەر بەو شێوەیەی کە هەڵدەبژێرین، بیربکەینەوە و بجوڵێینەوە)و تامەزرۆیی (ئێمە دەبێ بەدوای ژیانێکەوە بین لێوڕێژ لە ئەزموونی جۆراوجۆر).

کامۆ چوار نموونە بۆ ژیانی بێناوەرۆک ئاڕاستە دەکات. فێڵاوی، کەسێکی کە بە دوای خۆشییەکی کاتییەوەیە. ئەکتەر، کەسێکی کە خۆشی و مەیلی سەدان ژیان لە کارێکی سەرشانۆدا کورت و پوخت دەکاتەوە، جیهانگیر یان یاخی، کەسێکی کە خەباتە سیاسییەکەی پشت ئەستوورە بە وزەکەی. و هونەرمەند کە گشت دنیا دەخولقێنێ. هونەری پوچی نایەوێ ئەزموون شرۆڤە بکات، تەنیا وەسفی دەکات. جیهانبینییەکی دیار دەناسێنێ کە بە جێی ئەوەی بابەتە جیهانییەکان وەبەرچاو بگرێت دەپەرژێتە سەر بابەتە تایبەتەکان.

کتێبەکە بە باسێک سەبارەت بە ئەفسانەی سیزیف کۆتایی پێدێت. ئەفسانەیەک کە بەپێی ئوستوورەی یۆنانیی سیزیف سزا دراوە کە بۆ هەتاهەتا تەختەبەردێک لە کێوێک بباتە سەرێ، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی کە گەیشتە ئەو سەرە، تەختە بەردەکە خلۆر ببێتەوە بۆ خوارەوە. کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە سیزیف پاڵەوانی ئایدیالی بێناوەرۆکییە و سزادرانیشی نیشانەی بارودۆخی مرۆڤە. سیزیف بەردەوام بەبێئەوەی بەهیوای سەرکەوتن بێ دەبێ خەبات بکات. کامۆ دەڵێ: بە مەرجێکی قبووڵی بکات کە لە ژیاندا تەنیا ئەم خەباتە بێناوەرۆکە بایەخی هەیە، ئەو کاتە دەتوانێ بەختەوەریی لە نێو بێناوەرۆکیدا بدۆزێتەوە.

کامۆ باسێکی سەبارەت بە بەرهەمەکانی کافکا هاوپێچی ئەم نامیلکەیە کردووە و لە کۆتاییدا بەو دەرەنجامە دەگات کە کافکا ئێگزیستانسیالیستێکە وەکو کییەرکێگارد. بەجێی ئەوەی دۆخی بێناوەرۆکیی خۆی قبووڵ بکات، بازدان بەرەو ئیمان(١) هەڵدەبژێرێت. بەمحاڵە کامۆ بەبۆنەی دەربڕێنێکی ئاوا دەگمەن لە گیروداوی بێناوەرۆکبوونی مرۆڤایەتیی، ڕێز لە کافکا دەگرێت.

**پەراوێز:**

١. Leap of Faith بازدان بەرەو ئیمان، بازدانی ئیمانی. کییەرکێگارد بۆ پێناسەی ئەم دەستەواژەیە، چیرۆکی ئادەم و حەوا دەگێڕێتەوە و بەتایبەتیی بازدانی لە ناکاوی ئادەم بەرەو تاوان. بازدانی ئادەم بە واتای گۆڕانە لە چونایەتییەکەوە بۆ چۆنایەتییەکی دیکە، واتە لە چۆنایەتییەکەوە کە هیچ تاوانێکی هەڵنەگرتبوو بەرەو چۆنایەتییەک کە ناچار کرا تاوان بکات. کییەرکیگارد دەڵێ تێپەڕین لە چۆنایەتییەکەوە بۆ چۆنایەتییەکی دیکە تەنیا بە بازدان دەکرێت و کاتێ تێپەڕین ڕوودبدا مرۆڤ ڕاستەخۆ لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەچێت و قەت نابێتە خاوەنی هەردوو دۆخەکە. کییەرکێگارد ئەم بازدانە بۆ مەسیحی بوون بە پێویست دەزانێ چونکە ئایینی مەسیحیی هەڵگری دژوازییە.

بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەرۆک: بێناوەرۆکیی و خۆکوژیی

"تەنیا پرسێکی بەڕاستی جیدیی فەلسەفی لەئارادایە و ئەویش خۆکوژییە". ئەگەر بڕیار لەسەر

گرینگیی پرسێکی فەلسەفیی بە سەرنجدان بەو دەرەنجامانەی کە دەیبێ بدەین، بەدڵنیایی پرسی واتای ژیان لە هەمووان گرینگترە. کەسێکی کە حوکم دەدات کە ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە خۆکوژیی دەکات و ئەوانەی وا هەستدەکەن واتایەکیان بۆ ژیان دۆزیوەتەوە، دێن بۆ بەرگریکردن لەو واتایە خۆ لە مردن و کوژران دەبوێرن. باقی پرسە فەلسەفییەکان دەرەنجامی ئاوا حەتمییان نییە.

کامۆ دەڵێ کە خۆکوژیی یەکسانە لەگەڵ دانهێنان بەوە کە ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە. ئەو ئەم دانپێدانانە لەگەڵ "هەست بە بێناوەرۆکی"ی گرێ دەداتەوە. بە گشتی ئێمە بە تێگەیشتنێک لە ناوەرۆک و مەبەست، بە ئاگاداربوون بەوە کە هەر کارێک بە هۆی گونجاو و بنەڕەتیی ئەنجام دەدەین، ژیان بەسەردەبەین. ئەگەرچی جاروبارە ئەگەری هەیە بەمە بگەین کە کردەوەکان و کردەوەی دوولایەنەی ڕۆژانەی ئێمە لە بنەڕەتدا بە هێزی عادەتەوە دادەسەپێ، خۆمان بە مرۆڤێکی ئازاد نەزانین و تا ئەو جێیە بڕۆینە پێش کە خۆمان وەک ماشێنێکی بەهاڕەهاڕ بزانین. لەم ڕوانگەیەوە سەرلەبەری کردەوە و مەیل و هۆکارەکان بە بێناوەرۆک و بێواتا دێنەبەرچاو. هەست بە بێناوەرۆکیی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هەست بە لەخۆڕابوونی ژیان هەیە.

هەروەها کامۆ هەستی بێناوەرۆکیی بە هەستی شاربەدەرییەوە گرێدەدات. هەوێنێکی کە نەتەنیا لەم نامیلکەیەدا بەڵکو لە زۆربەی چیرۆکەکانی کامۆدا گرینگیی هەیە. ئێمە وەک ئەندامی لۆژیکیی کۆمەڵگەی مرۆڤیی، وا هەستدەکەین کە ژیان چەشنێک واتا یان مەبەستی تێدا هەیە. کاتێ بە پێی ئەم گریمانەیە دەجووڵێینەوە، ئەرخەیانین، هەستدەکەین لە نیشتیمانین. لە ئەنجامدا تاکی نیهێلیست لە دنیای داماڵدراو لە هۆکار هەستی بێگانەبوونی هەیە. هەستی بێناوەرۆکیی، ئێمە لە ئەرخەیانییەکانی نیشتمان وەکو بوونی پڕناوەرۆک شاربەدەر دەکات.

هەستی بێناوەرۆکیی پەیوەندیی هەیە بە ئیدەی لەخۆڕابوونی ژیان و کردەی خۆکوژیی لەگەڵ ئیدەی ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە. هەر بۆیە پرسیاری خێرای ئەم نامیلکەیە ئەوەیە کە ئایا ئەم بڕوایە کە ژیان بێناوەرۆکە تەنیا بەم واتایەیە کە ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە؟ ئایا خۆکوژیی ڕێچارەی پوچییە؟ کامۆ دەڵێ ئەم بابەتە کە تەنیا دوو دەرەنجام ئەگەری هەیە هەبێ (ژیان یان خۆکوژیی)، واتە بۆ ئەم پرسیارە تەنیا دوو وەڵام هەیە، نابێ فریومان بدات. زۆریەک لە ئێمە زیاتر لەبەر ئەم هۆیە کە بە وەڵامی تەواو بۆ ئەم پرسیارە نەگەیشتووین، درێژە بە ژیان دەدەین. هەروەها لە نێوان بڕیاردانەکان و کردەوەکانی ئەوان دژایەتییەکی زۆر هەیە. کەسانێکی کە خۆکوژیی دەکەن ڕەنگە لەوە دڵنیا بووبن کە ژیان ناوەرۆکی هەیە. هەروەها ڕەنگە کەسانێکی کە هەست دەکەن ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە، دیسان درێژە بە ژیان بدەن.

بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێناوەرۆکیی هەبوون، چ شتێک پێش بە خۆکوژیی ئێمە دەگرێ؟ کامۆ دەڵێ لە ئاستێکی بەرفراواندا غەریزەی ژیان لە هۆکارەکانی خۆکوژیی زۆر بەهێزترە. "ئێمە پێش ئەوەی عادەت بە بیرکردنەوە بکەین، عادەت بە ژیان دەگرین." . ئێمە لە ڕێی ئەو شتەی کە کامۆ پێی دەڵێ "کردەی خۆگێلکردن" بە شێوەی غەریزی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەرەنجامی تەواوی چییەتیی بێناوەرۆکیی ژیان خۆدەبوێرین. ئەم کردەیەی خۆگێلکرنە لە بەرفرەترین شێوەدا خۆی بە فۆرمی هیوا نیشاندەدات. بە هیوای ژیانێکی دیکە، یان بە هیوای دۆزینەوەی واتایەک هەر لەم ژیانەدا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەرەنجامەکانی بێواتایی ژیان دوا دەخەین.

لەم نامیلکەیەدا کامۆ هیواخوازە کە لەگەڵ دەرەنجامەکانی بێناوەرۆکیی ڕووبەڕوو بێتەوە. بەجێی

قبوولکردنی تەواوی ئەم بڕوایە کە ژیان بێناوەرۆکە، ئەو دەیهەوێ ئەم بڕوایە وەک خاڵی دەستپێک هەڵبژێرێ هەتا ببینێ لە ڕووی لۆژیکییەوە چ شتێکی بەدوادادێت. بەجێی ڕاکردن لە هەست بە بێناوەرۆکیی، چ لە ڕێگەی خۆکوژییەوە یان هیواداریی، ئەو دەیهەوێ لەگەڵی بژیت و بزانێت ئایا کەسێک دەتوانێ بەم هەستەوە بژێت.

**راڤە**

کامۆ لە خاڵی دەستپێکدا ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە ئایا ئێمە مرۆڤی ئازاد و خاوەنی ژیان و بایەخەکانی خۆمانین یان تەنیا ماتریالین؟ ماتریالێکی کە بە تەکوزییەکی بێماناوە دەجووڵێتەوە. سازاندنی ئەم دوو ڕوانگە حاشاهەڵنەگرە، یەکێکە لە پرۆژەکانی ئایین و فەلسەفە.

یەکێک لە ئاشکراترین – و پاشان بیرکردنەوە، یەکێکە لە ناڕوونترین – ڕاستییەکان سەبارەت بە هەبوونی مرۆڤ ئەوەیە کە ئێمە بایەخگەلێکمان هەیە، هەبوونی بایەخەکان شتێکە زیاتر لە هەبوونی مەیلەکان، ئەگەر من هۆگری شتێک بم، زۆر بەئاسانی دەمهەوێ و هەوڵدەدەم بە دەستی بێنم. بایەخەکانی من زیاترن لە هۆگرییەکانم. بەمجۆرە بە بایەخدانان بۆ شتێک، تەنیا وا نییە هۆگری بم، بەڵکو تاڕادەیەک حوکم دەدەم کە ئەو شتە دەبێ باش بێت. بە پێی ئەم وتەیە کە شتێک دەبێ باش بێت من گریمانەم کردووە کە دنیا دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت بێ. هەروەها من تەنیا کاتێ هەستدەکەم کە دنیا دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت بێ کە ئەمێستا بە تەواویی وا نەبێ، ئەگەر شتگەلێکی وەکو کوشتن نەبووایە کوشتنی ئەوەکە خەڵک نابێ بکوژن، بۆم بێمانا بوو. بەم پێیە هەبوونی بایەخەکان بەم واتایەیە کە دنیا دەبێ لەگەڵ ئەو شتەی کە لە ئێستادا هەیە، جیاواز بێت.

توانستی ئێمە بۆ دیتنی دنیا بە هەردوو شێوە ـ ئەوەی کە هەیە و ئەوەی دەبێ بێت– ئەو بوارەمان پێدەدات کە بە دوو ڕوانینی زۆر جیاوازەوە سەیری خۆمان بکەین. ئێمە زیاتر لە هەموو شتێک وەک مرۆڤگەلێکی ئازاد و بە ورە سەیری خۆمان و دیتران دەکەین کە دەتوانن بیربکەنەوە و هەڵبژێرن، کەسانێکی کە دەتوانن لە سەر باشترین بڕیار بدەن و بەدوای مەبەستە تایبەتییەکانیاندا بگەڕێن. ئێمە خاوەنی بایەخگەلێکین و کاتێ ئەو بایەخانە واتایان دەبێت کە ئێمە بتوانین وێنایان بکەین. ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەو چۆنایەتییانە دەرک بکەین بایەخدان بۆ چۆنایەتییە تایبەتەکان بێمانایە.

کاتێ ئەم ڕوانگەیە بەگشتی هەڵدەبژێرین هاوکات ڕوانگەیەکی دیکەش هەیە و ئەویش ڕوانگەی زانایانە، بەم شێوەیە کە زۆر سادە سەیری دنیا هەر بەو چەشنە بکەین کە هەیە. لە ڕوانگەی زانستییەوە دنیا بەتاڵە لە بایەخەکان. تەنیا لە ماتریال و وزە پێکهاتووە کە ڕەنگە تەڵەزمی بێ مێشک بە شێوەیەکی لەپێشدا داڕێژراو لە سەر یەکتری کاریگەریی دوولایەنەیان هەبێت. هیچ هۆیەک نییە کە پێمان وابێت مرۆڤ ناچێتە ژێر باری ئەم یاسا زانستییانەوە. تەنیا ئەوە بەسە کە سەیری هەڵسوکەوتی مێروولەکان بکەین کە تێکدەهاڵێن و بەبێ بیرکردنەوە چەشنێک عادەتی میکانیکی ئەنجامدەدەن، ئەوکات دەتوانین مرۆڤە ئاسمانییە زاناکان وێنا بکەین کە لە ڕوانگەی ئەواندا ئێمە تێکدەهاڵێین و بەم دەرەنجامە دەگەن کە هەڵسوکەوتی ئێمە هەر وەک ئەو مێروولانە پێشبینی دەکرێت و عادەت تەوەرییە.

هەستکردن بە بێناوەرۆکیی بە کردەوە کاتێ ئاوقامان دەبێت کە بە ئاستێک بگەین کە خۆمان لە دووەم ڕوانگەدا ببینین. ئەم ڕوانگەیە کە هەر بەوجۆرە لە هەموو شتێک بڕوانین کە هەن، جیهانبینییەکی تەواو بێلایەنانەیە. لەم

جیهانبینییەدا بایەخەکان شوێنێکیان نییە و بە بێ هەبوونی بایەخەکان ویدەچی هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەین بێواتان و بێ مەبەست. ژیان بە بێ بایەخەکان هیچ مانایەکی نییە و هیچ مەیلێکمان نابێ بۆ ئەوەی بە جێی ئەم کارە کارێکی دیکە بکەین.

سەرەڕای ئەمانە هیچکات هەوڵمان نەداوە کە ئەم هەستە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە پاساو بدەینەوە. هەست بە بێناوەرۆکیی شتێکە کە هەموومان لە چەند قۆناغێکی ژیاندا ڕووبەڕووی بووینەتەوە. لە کاتی خەمۆکی یان نادڵنیایی سەیر نییە کە شانمان هەڵێنین و بپرسین "ئەم کارانە بە کەڵکی چی دێن؟" ئەم پرسیارە لە بنەڕەتدا ئەرێ کووتنە بە بێناوەرۆکیی، ئەرێ کووتنێکە بەوە کە لانیکەم بە تێڕوانینێک گشت کارەکان بێ مانان.

کامۆ زۆربەی جاران هەست بە بێناوەرۆکیی دەگەڕێنێتەوە سەر خوازەی تاراوگە. کاتێ ڕاستبوونی ڕوانگەی جیهانبینیی داماڵدراو لە بایەخەکان و ژیانی بەتاڵ لە مانامان قبووڵ کردبێ گەڕانەوەیەک ڕوونادات. ئیتر ناتوانین ئەم ڕوانگەیە فەرامۆش بکەین یان وەبەرچاوی نەگرین، بێناوەرۆکیی نسێی خۆی دەخاتە سەر هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەین، تەنانەت ئەگەر بڕیار بدەین ژیان بکەین، بەجۆرێک کە دەڵێی ژیان واتادارە، دەڵێی هۆیەک هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان، بێناوەرۆکیی لە نێو بیرکردنەوەماندا هەر وەکو گومان وازمان لێ ناهێنێت. دوودڵە کە نەکا سودێکی نەبێ.

بە گشتی ئەو گومانە هەیە تاراوگە {بێناوەرۆکیی} بۆ ژیان نابێت. ئەگەر بۆ ئەنجامدانی کارێک هۆکارێک نەبێت ئەی چۆن دەتوانین دەست بۆ کارێک بەرین؟ بۆ ڕاکردن لە چنگ هەستی بێناوەرۆکیی دوو ڕێی سەرەکیی هەیە، خۆکوژیی و هیواداریی.

کەسێک کە خۆی دەکوژێ بەم دەرەنجامە گەیشتووە کە ژیان بێ مانایە، بۆیە بایەخی ژیان کرانی نییە. هیواداریی لە ڕێی بڕوای بێ ئەملاوئەولا، بێناوەرۆکبوونی ژیان ڕەتدەکاتەوە.

کامۆ مەیلی بۆ دۆزینەوەی دەرفەتێکی سێهەم هەیە. ئایا دەتوانین بە بێ خۆکوژیی ئەوە قبووڵ بکەین کە ژیان بێواتایە؟ ئایا لانیکەم دەتوانین هیوادار بین کە ژیان بە مەبەستی ژیانکردن هەڵگری واتایە؟ ئایا دەتوانین بە قبوولکردنی ئەمە کە بایەخەکان بێ مانان بایەخگەلێکیشمان هەبێ؟ کامۆ لە بنەڕەتدا دەپرسێ ئایا دەتوانین لە بەرامبەر دووەمین جیهانبینیدا کە لە سەرەوە ئاماژە بە کورتەیەکی کرا، تاقەت بێنین؟

## بە بەڵگەکردنێکی بێناوەرۆک: دیوارەکانی بێناوەرۆکیی II

**کورتە:**

وشەکان دەرەقەتی دەربڕینی ئەو هەستە نایەن کە لەگەڵ بێناوەرۆکییە. هەست بە بێناوەرۆکیی - وەکو هەستکردن بە چاوچنۆکی یان دەست ئاوالایی - جۆری ڕوانینی ئێمە بۆ دنیای دەوروبەرمان ڕێکدەخات و ڕوانگەی ئێمە دەستنیشان دەکات. ئەم هەستە تاک جیهانبینییە و بەدەرە لە وشەکان. بەمحاڵە ئەوە قبووڵ دەکا کە پێناسەکردنی "هەست بە بێناوەرۆکیی" ئاسان نییە. ئەو بەجێی پێناسەکردن، چەند گەلاڵەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئەزموونە جۆراوجۆرانە ئاراستە دەکات کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەم چەشنە هەستانە.

ڕەنگە لە قووڵایی بێتاقەتیی نەگۆڕدا، لە ئانوساتێکدا لەخەو ڕاپەڕین. سەرسووڕماو بین و لەخۆمان بپرسین کە بۆچی خۆمان دەخەینە زەحمەتەوە، ئەم پرسیارە دەبێتە هۆی هەستکردن بە بێناوەرۆکیی. یان ڕەنگە لەناکاو وا هەستبکەین کە لە چۆمی زەماندا وەکو کۆلکەدارێک سواراوین: بەهیچ شێوەیەک ناتوانین خۆمان لە پێشکەوتنی ناچاریی زەمان ڕزگار بکەین. یان ڕەنگە ئەو کاتە هەست بە بێناوەرۆکیی دەکەین کە دەبینین ئەو شتانەی واتا و مەبەستمان پێبەخشیون، لە واتا و مەبەست بەتاڵبوونەتەوە. لە کاتی هەستکردن بە بێناوەرۆکییدا ئەو "شتانە" وادەبینین کە داماڵدراون، یان کاتێ کە کەسێک لە پشت شووشەبەندێکەوە دەبینین کە بە گەرم و گوڕییەوە قسە دەکا و ئێمە گوێمان لە هیچ شتێ نابێت و جووڵەی دەست و دەموچاوی لە پانتۆمیمێکی گەمژانە و بێ مانا دەچێ، هەست بە بێناوەرۆکیی شاڵاومان بۆ دێنێ. یان کاتێ چاومان بە تەرمێک دەکەوێ و پێدەزانین کە ئەمە ئاکامێکی بێ ئەملاوئەولا و دڵڕەقانە و گەمژانەی ئێمەیە، هەست بە بێناوەرۆکیی دەکەین.

بابەتەکانی سەرەوە نموونەگەلێکن لە هەست بە بێناوەرۆکیی کردن لە ئاستی ئەزموونیدا. کامۆ ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە دەتوانین لە ئاستی شعوریشدا لە بەرامبەر بێناوەرۆکییدا ڕاوەستین. پاڵنەری زەین "توندوتۆڵیی پێکەوەبوون"ە، مەیلێکی بەگوڕە بۆ واتـادان بە خوڵقێندراوەکان و چڕکردنەوەشییەتی بە گشتبوونێکی تەواو و هاوئاهەنگ. کامۆ بۆ نیشاندانی پرسەکە لە ئاستی لۆژیکیدا، بە پێداگریی لەسەر "هەقیقەت"ێکی تاکانە و یەکدەست، پێناسەکانی ئەرەستو بەکار دەهێنێ. لە ئاستی زانستیدا تیۆرێک دەتوانێ دنیا پێناسە بکات بەڵام لەئاکامدا ناتوانێ شیبکاتەوە. دنیا وا ڕەنگاوڕەنگە و بەڕادەیەک ڕوانگەی جۆاوجۆر بۆ درککردنی هەیە کە دۆزینەوەی "هەقیقەت"ێکی ڕەها، شێوەیەکی ڕاست بۆ سەیرکردنی دنیا و هاوکات درکی گشتی دنیا، لە بێ ئاکام و بێ سوود دەچێ. ئەو پێکەوەبوونە لۆژیکییەی کە هیوادارین بیخەینە پاڵ جیهانەوە خودی جیهان نییە، دنیا لە بنەڕەتدا نالۆژیکییە.

کامۆ پێی وایە کە هیچ کام لە دنیا و زەینی مرۆڤ بێناوەرۆک نین، بەڵکو بێناوەرۆکیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوانەدا خۆیان نیشاندەدەن. کامۆ لەو شوێنەدا، بێناوەرۆکیی دەدۆزێتەوە کە مەیلەکانی ئێمە بە ڕوونی ڕووبەڕووی ئەم درکە دەبێتەوە کە دنیا نالۆژیکییە.

هەمیشە بیرمەندانێک هەبوون کە هەوڵیانداوە هەتا بە جێی ڕەتکردنەوە، لەگەڵ نالۆژیکی بوونی ئەزموون ڕووبەڕووببنەوەو کامۆ دەڵێ کە سەدەی ڕابوردوو ڕێژەیەکی بەرچاوی لەم چەشنە بیرمەندانە هەبووە. هایدگەر کاتێ لەگەڵ بێناوەرۆکیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لە ترس دەدوێ، بەڵام پێداگریی دەکات کە لەو ترسەدا لەڕادەبەدەر وشیار دەبین. جاسپێر پێداگریی لەسەر ئەوە دەکا ئێمە ناتوانین لەو شتانە تێبگەین کە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی ئێمەوە بەدەرن و کەموکوڕیی هەموو ئەو سیستمە فەلسەفیانە ئاشکرا دەکا کە بانگەشەی شتێکی جیا لەوە دەکەن. چێستۆف لێکۆڵینەوە لە سەر نالۆژیکیی بوونی مرۆڤ دەکات و زیاتر هۆگری ئەوەیە کە ڕیزپەڕەکان بدۆزێتەوە نەک یاساو ڕێسا. کیێرکێگارد لە بنەڕەتدا لە بێناوەرۆکیی دەژیت و بوێرانە خۆی فرێدەداتە نێو دژوازییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤەوە. هۆسرێل هۆگری جۆراوجۆریی جیهانە و بوار بە زانیاریی تەواو و یەکسان لە سەر تەواوی دیاردەکان دەدات. ئەم بیرمەندانە هەموویان بەوە دەزانن کە تەنیا شتێکی ڕوون و ئاشکرا بەرتەسکیی زانستی مرۆڤییە: درککردنی گشت ئەوانیدی مەحاڵە.

**ڕاڤە:**

لەم بەشەدا دەپەرژێینە سەر کەموکورییەکانی فەلسەفەی ڕاسیونالیزم و فەلسەفەی نائەقڵانیش کە لە وەڵامدانەوە بە فەلسەفەی ڕاسیونالیزم کەوتە سەر زاران، شیدەکەینەوە. ڕاسیونالیزم بەوجۆرەی کە کامۆ بەکاری دێنێ بڕوایەکە تێیدا ئاوەزی مرۆڤ واتا بە دنیایەک دەدا کە تێیدا دەژی. فەیلەسوفی ئەقڵخواز هیوادارە کە چەشنێک سیستم بەدی بێنێ کە بەهۆیەوە بتوانێ گشت ئەزموونەکان شیبکاتەوە. ئەو دەیەوێ ئەو توانستەی هەبێ هەتا جارێک و بۆ هەمیشە بڵێ کە شتەکان چۆن و بۆچی هەن. ئاسمان شینە لەبەر ئەوەی...، من هەم چونکە...، بوونەوەران بەمجۆر چالاکن بەو هۆیەی...، کەسێکی ئەقڵخواز دەیەوێ کە دنیا واتای هەبێ، شتەکان ڕوون بن. ڕاسیونالیزم پشت ئەستوورە بەوە کە توانستی بەڵگەدار کردنی چییەتیی بوونی شتەکان هیوایەکی نالۆژیکیی نییە.

کامۆ ڕاسیونالیزم ڕەتدەکاتەوە، بەڵام لەوەناچێ کە هۆی فەلسەفیی بە دژی ئاراستە کردبێ. ئەو زۆرجاران لەم بەشەدا بانگەشە دەکات کە کارێک ناکات بێجگە لە پێداچوونەوە بە باسی ئەو باوەڕانەی کە بۆ هەمووان ئاشنایە. هەوڵنادات ئێمە ڕازیی بکات کە لە ڕاسیونالیزمدا کەموکوڕیی هەیە، چونکە وای دادەنێ کە ئێمە لەسەر ناتەواوبوونەکەی هاوڕاین. ئەو ڕاست ئاماژە بەو هۆیانە دەکات کە بۆچی بە ڕای ئێمە ڕاسیونالیزم خۆش نییە ـ ناسەرکەوتووبوونمان بۆ یەکدەستکردنی ئەزموونە جۆراوجۆرەکان و شتی لەم چەشنە ـ بەڵام ئەم هۆیانە زەحمەتە بتوانن ئەرخەیانمان بکەن. ئاماژەکانی کامۆ مشتومڕ نییە، بەڵکو نموونەی ئەو بابەتانەن کە جیهانبینیی ڕاسیونالیزم بەرگریی لێناکرێ.

جەیمز ڤود دەڵێ کە نامیلکەی کامۆ پشت ئەستوورە بە ئیمان، هەرچەند جۆرە ئیمانێکی نێگەتیڤ. کامۆ لەوە بڕوای بەوە کە خودا نییە و ژیان بێ مانایە، دڵنیایە و ئەم دڵنیابوونەی زیاترە لەو دڵنیابوونەی بۆ بەڵگەدارکردنی بێ مانابییەکەی. هەوڵی ئەو زیاتر دۆزینەوەی میتۆدێکی ڕوونە بۆ ڕوانین لە دنیا نەک پێناسەکردنی سیستمێکی فەلسەفیی. کامۆ وادیارە نایهەوێ ئەوە بڵێ کە "دیتنی دنیا بە بێ ناوەرۆکیی، شێوەی ڕاستی سەیرکردنی دنیایە". بەڵکو بەر لە هەموو شتێ ئەو گومانی هەیە کە "تەنانەت شێوەی ڕاستی سەیرکردنی دنیا" هەبێ، و دووەم ئەوەی کە دەڵێ بە "بێناوەرۆک دیتنی دنیا" زۆرجاران حاشاهەڵنەگرە. هەست بە بێناوەرۆکیی کردن لە بنەڕەتدا هەستێکە کە جاروبارە تووشی دەبین کە ـ چ پێمانخۆش بێ یان پێمان ناخۆش بێ ـ هەست دەکەین دنیا بێ مانایە و ڕوون نییە. کامۆ لەسەر ئەوە پێداناگرێ بڵێ کە هەست بە بێناوەرۆکیی کردن بە بێ ئەملاوئەولا "ڕاست"ە، بەڵکو دەڵێ بێناوەرۆکیی بوونی هەیە. ئەو کەمتر فەیلەسووفەو زیاتر حەکیمە. زیاتر هۆگری ئەو شتەیە کە ژیان تێکەڵاوی ئەم هەستەیە نەک ڕاستی و دروستی ئەم هەستە.

کامۆ ئاماژە بە نێوی ئەو بیرمەندانە دەکات کە لە "نائەقڵانی بوون" و لە ڕەتکردنەوەی "ڕاسیونالیزمدا" هاوڕان. لەو شوێنەی کە کامۆ دەستەواژەی "نائەقڵانی" بەکار دێنێ، ئێمە دەتوانین زاراوەی "ئێگزیستەنس" دابنێین. بەکارهێنانی ڕاست و دروستی "ئێگزیستەنسیالیزم" سەختە. زیاتر بەم هۆیە کە ڕێژەیەکی کەم لە فەیلەسووفان ڕاشکاوانە خۆیانی لێ نزیکدەکەنەوە، بەڵام ئەو زاراوەیە زۆربەی ئەو بابەتانەی وەخۆ گرتووە کە کامۆ شیکردونەتەوە، بەتایبەتیی ئەم بڕوایە کە دنیا لە زاتی خۆیدا هەر بوونی هەیە و هەر واتا و چییەتییەکی کە دنیای واتادار کردووە پاش ئەو هەقیقەتە لە لایەن زەینی مرۆڤەوە بەکار هاتووە. ژان پۆل سارتەر هاوسەردەم و

جاری واشە دۆستی کامۆ پارێزەری سەرەکیی تەڤگەڕی ئیگزیستەنسیالیزم بوو. هەرچەند ناوەکەی لە فەلسەفەی ئیگزیستەنسی جاسپێر بە قەرز وەرگرتبوو و زۆربەی ڕاو تەگبیرەکانیشی لە هایدگێر، بەڵام هیچ کام لەو دوو بیرمەندە ئەڵمانییە بەخۆیان نەدەگوت ئیگزیستەنسیالیست. ئەگەرچی جاروبارە بە کیێرکیگارد یان نیچەیان گوتووە "ئیگزیستەنسیالیستی ڕەسەن". هەر دوو فەیلەسوف لە سەدەی نۆزدەدا ژیاون و پێش ئەوەی ئیگزیستەنسیالیزم برشتی هەبێ لە هەمان سەدەدا مردوون. دواتر تەنانەت کامۆش پشتی لەو تەڤگەڕە کرد و سارتەری وەک "ئیگزیستەنسیالیست"ێکی بەڵێندەر بەتەنیا بەجێهێشت.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە کامۆ و تەواوی ئەو بیرمەندانەی بونەتە سەرچاوە، تەواو لە نەریتی فەلسەفی قارەی ئوروپا (بێجگەلە بریتانیا) ئاو دەخۆنەوە. ئەو نەریتە بە خەستیی لەژێر کاریگەریی هیگل و نەریتی ڕاسیونالیزمی پێشتری کەسانێکی وەکو دیکارت و لابینیتزە. ئەم نەریتە بە توندی پێداگریی دەکات لە سەر بە بەڵگەدارکردنی ئەقڵانیی و توانستی ئێمە بۆدۆزینەوەی ڕێچارەیەک بۆ هەقیقەتە میتافیزیکییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆرییەوە.

لە بەرامبەردا سوننەتی فەلسەفەی ئینگلیزی زمانان، زۆر زیاتر ڕێبازی ئەزموونخوازی لاک و هیوم ڕەچاو دەکەن. ئەم سوننەتە پێداگریی لە سەر توانستی بەڵگەی تیۆریانە لادەبات و لە جێگەیدا پێداگرە کە بۆ مەعریفە دەستەوداوێنی دەرکی ئەزموون دەبین.

بارودۆخێکی کە کامۆ لە لێکۆڵینەوە لەسەر بێناوەرۆکییدا لەگەڵی ڕووبەڕوویە، تەنیا دەتوانێ لە نەریتی ڕاسیونالیزمی نابریتانیاییدا هەبێ. ئەم ئیدەیە کە زەینی ئێمە ناتوانێ لە ئەزموون تێبگات، بۆ بیرمەندێکی ئەقڵخواز زۆر گرینگترە هەتا فەیلەسوفێکی ئەزموونخواز. هێنانەئارای ئەم بابەتە ڕاگەیاندنی مەحاڵبوونی هەڵوێستی کامۆ نییە، بەڵکو ئەو لە شوێنی ڕاست و شایانی خۆی دادەنێ.

